# ئەی کۆمەڵی ئەنساڕ، ئایا کاتێک هاتم بۆ لای ئێوە گومڕا نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە هیدایەتی ئێوەی دا؟ ئایا ناکۆک نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە تەبایی خستە نێوانتانەوە؟ ئایا هەژار نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە دەوڵەمەندی کردن؟

لە عبداللە کوڕی یەزیدی کوڕی عاسمەوە دەڵێت: «کاتێک خوای گەورە دەستکەوتەکانی جەنگی بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لە ڕۆژی (جەنگی) حونەیندا؛ ئەویش لە نێوان خەڵکیدا دابەشی کرد، ولە نێوان (ئەوانەی تازە بوون بە موسوڵمان) بۆئەوەی دڵیان زیاتر دامەزراو بێت لەسەر ئیسلام، وهیچ شتێکی نەبەخشی بە ئەنساڕەکان. وا دیار بوو هەندێکیان دڵتەنگ بوون لە نەفسی خۆیاندا؛ چونکە بەش بە خەڵکی بەخشرا بەڵام بە ئەوان نەبەخشرا. بۆیە (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) وتاری بۆیان دا وفەرمووی: «ئەی کۆمەڵی ئەنساڕ، ئایا کاتێک هاتم بۆ لای ئێوە گومڕا نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە هیدایەتی ئێوەی دا؟ ئایا ناکۆک نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە تەبایی خستە نێوانتانەوە؟ ئایا هەژار نەبوون؛ خودا بەهۆی منەوە دەوڵەمەندی کردن؟»، هەرکاتێک هەرشتێکی بفەرمووایە؛ ئەنساڕەکان دەیانووت: خودا وپێغەمبەرەکەی فەزڵ ومینەتیان هەیە بەسەرمانەوە. فەرمووی: «ئەگەر بتانەوێت دەڵێن: تۆ هاتیت ئاوا وئاوا بوویت، ئایا ڕازی نابن خەڵکی بە پەز و وشترەکانیان بڕۆنەوە وئێوەش لەگەڵ پێغەمبەری خودا بڕۆنەوە بەرەو ماڵەکانتان؟ ئەگەر کۆچ (هیجرەت) نەبووایە، پیاوێک دەبووم لە ئەنساڕ، ئەگەر خەڵکی ڕێگای دۆڵێک یان شاخێک بگرنەبەر، من ڕێگای دۆڵی وشاخی ئەنساڕ دەگرمە بەر، ئەنساڕ وەکو شیعارن (وەکو جلی سەرەکی سەر پێست وان)، وخەڵکی وەکو دیسارن (وەکو جلی دووەمن لە سەرەوەی پۆشاکی سەرەکی)، بێگومان ئێوە لە پاش من دەبینن فەزڵی خەڵکی تر دەدرێت بەسەر ئێوە (مافتان دەخورێت)، بۆیە ئارام بگرن هەتاوەکو دەگەن بە لای من لەسەر گۆلاوەکە (لەسەر حەوزی کەوسەر)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک خوای گەورە نیعمەتی فەتح ودەستکەوتی (غەنیمەی) بەخشی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە جەنگی حونەیندا وپاش ئەوەی کۆتایی هێنا بە گەمارۆدانی (تائیف) وپاشان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ گێڕانەوەی دەستکەوتەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە کەسانێکی بەخشی کە تازە مسوڵمان بوون بۆئەوەی دڵیان زیاتر دامەزراو وجێگیر بێت لەسەر ئیسلام، بەڵام هەندێک لە ئەنساڕەکان پێیان ناخۆش بوو کە بەشی ئەوان نەدراوە بەڵام باشترینی نێو ئەنساڕەکان ڕازی بوون چونکە دەزانن ئەم کارەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەقە وحیکمەتێکی لە پاشەوەیە، وکاتێک قسەی هەندێک لەوانەی پێیان ناخۆش بوو گەیشتە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە هەندێکیان ووتیان: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەستکەوتەکان بە ئەوان دەبەخشێت لەکاتێکدا خوێنی ئەوان دەچۆڕێت بەسەر شمشێرەکانمانەوە و واز لە ئێمە دەهێنێت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بەوەی کۆ ببنەوە لە ژێر خێمەیەکدا، وفەرمووی: (ئەی کۆمەڵی ئەنساڕ، ئایا باسی ئەو قسانەی ئێوە چییە کە گەیشتووە بە من . . هەتاوەکو کۆتایی). بۆیە ڕەخنەی لێگرتن وئامۆژگاری کردن وباسی فەزڵ وپشتیوانی ئەوانی کرد سەبارەت بە سەرخستنی ئەو وئاینی ئیسلام کە ئەو پێی هاتووە و ئیسلام بووە هۆی ئەوەی کە نەفسیان ئاسوودە بێت وزانیان کە خودا پاداشتی زۆری بۆیان داناوە بەهۆی هاوەڵێتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپشتیوانی کردنی وهەروەها پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵیان دەگەڕێتەوە بەرەو مەدینە تەنانەت لە پاش فەتحی مەککە، ئەمە جگە لە پاداشتی نەبڕاوی ڕۆژی دوایی بەهۆی سەرخستنی ئاینی ئیسلام وئارامگرتن لەسەر ئەم ڕێبازە، وپێیانی ڕاگەیاند لە پاش ئەو دەبینن فەزڵی خەڵکی تر دەدرێت بەسەر ئەوان (مافیان دەخورێت)، بۆیە دەبێت ئارام

بگرن هەتاوەکو دەگەن بە لای ئەو لەسەر حەوزی کەوسەر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4458